# کەدێمەوە نیشتیمان جگەرە دەکێشێت

ڕێدار عەلی
ئەڵمانیا

لەبەرخراپبونی بارودۆخەکانی دڵم
لەبەرلێقەومانی خەندە لەشارەبێداڵدە کاندا
لەبەرماندویێتی بەختیاریم
کەخەریکی لەبیر کردنی خۆیەتی
ئەمەوێت بێمەوە نیشتیمان
ئەو شوێنەی لەڕۆژێکدا دەستم لەدەستی ترازاو
بەخەمی پیاوکوژێکی دێوانەوە
پێم وت خوات لەگەڵ هاوڕێکەم
بمبوورە ئیتر ناتوانم بێمە مەرقەدەکانتەوەو
سەربەیەکەمین کرێوەی گریانەکاتەوە بنێم
ببوورە ئیتر نامپەرژێت
وەک فاڵچییەکی هەزەلی لەپی دەستت بخوێنمەوەو
بەمەراقەوە پێتبلێم بەیانیت بۆی جەنگی لێدێت
نیشتیمان
بۆنی خەم
بۆنی خۆڵی ئەوتەرمانەی چیتر نایان ناسیتەوە
سبەینێت بۆی مەرگی لێدێت
نیشتیمان
بۆنی خوێن
بۆنی کسپەی ئەودڵانەی
وەکو شەراب  تامیان بڵاو دەبێتەوە
بەڵێنم داوە بێمەوە
لەگەڵ خۆمدا جانتایەک مەراقی تازەو
پڕچنگێک شیعری وێران و
هێندەی بێدەنگی سەفیرێک پاڕانەوە لە شکۆی خواو
هێندەی فڕینی کۆترێک تەنهایی دوای لەبیر چون و
هێندەی داخورپانی دڵێک یادەوەری بریندارو
هێندەی خزانی پێی پیریم کەوتنی سەر شین دێنمەوە
ئەگەڕێمەوە بۆ وڵات
دەستێکم غەریبی ئەولەحزانەی لێ دەچۆڕێت

بەدیار فریشتەیەکەوە چاوەڕێ بوموو هەر نەهات
دەستێکم بۆنی گوناهوو بۆنی تف وبۆنی دەست پەڕ
بۆنی ماندوێتی بەر تڤی
بۆنی شام پۆو بۆنی شەهوەت
ئەوەی پێمە مشتێک ئێوارەی شکاوەو
تازە لەحیمیش ناکرێت
ئەوەی پێمە کەرتەکانی دڵی خۆمەو
کەس بەهەدیەش لێم وەر ناگرێت
ئەوەی پێمەو لەجانتاکەمدا لول بووە
نامەی کۆنی هاوڕێ کانمەو کەسیش هەواڵم ناپرسێت
یەکیان دەخوازێت پێیبلێم
ڕێگا چۆنە تاکو مەنفا
کەسێک داوای دۆلار دەکاو
کەسێک داوای دیار نەمانم و
کەسێکی تر داوا ئەکات
تێلێکی دەستی بۆ پۆسکەم
بەڵام کەسێک لێی نەپرسیم
لای تۆ عەشق کێلۆیەک بەشی چیئەکات
ڕوبعێک ئەوین کام کەلێن پڕدەکاتەوە
دوودەنک ماچ تامی کام خواردن خۆش دەکات
کەس لێی نەپریسیم لای ئێوە
بەختیاری کیلۆی بەچەندە ؟؟
زەرفێک خەندە چەند کفتەی لێ درووست دەبێت ؟؟
کەچی هەر دەبێت بێمەوە
ئازانم دێمەوەو بەسەر وێرانەی گەڕەکە کەماندا ئەکەوم
دێمەوەو عاشقەکەم شوی کردووە
دێمەوەو هاوڕێکانیشم ڕۆشتوون
خودایە من ئەزانم کاتی ترۆ کردنی عەشق و
کاتی دەست نوێژ شکاندنی ماچ و
کاتی لەش پیس بونی درەختەکان ئەگەمەوە
ئەگەمەوەو وەک وێران ترین پیاوی تۆ
وەک بریندار ترین عاشق
سەرم ئەکەم بەکۆڵانداو
سەیرەکەم دایکم پیر بووە

سەرم دەکەم بەحەوشەداو کۆترە کانم هەڵفڕیون
سەرم ئەکەم بەسەر  بانداو
کچێک مەکسییە کەی هەڵناخات
تێل ئەکەم بۆ هاوڕێ کانم
تێلە کانیان داخراوەو سەرجەم لەخۆیان هەڵهاتوون
یەکیان ویستوێتی ژنبێنێ و
کچێک شوی پێنە کردووە
یەکیان ویستویەتی بژی و لەپڕ پارەی پێنەماوە
یەکیان ویستویەتی عاشق بێ و
نیگاکانی لێون بوون
یەکیان بووە بەقاچاخچی و
حوکمەت بارەکەی گرتووە
یەکیان بووە بەمۆزەفو  مەعاشەکەی دواکەو تووە
یەکیان بووە بە شاعیرومنداڵێک نەی خوێندۆتەوە
لەگۆڤارێکی حوکمیدا شیعرێکی خۆی نەبینی وە
ئیتر وەک تورەیی تۆفان
وەک دلداریکی شەڕەن گێز کە شەر بە باخچە دەفرۆشێت
جاتا کانیان هەڵ پێکاوەو
بەدەنگی بەرز وتویانە
ئەگەر نەڕۆین قسە بەنازانم کێشمان بلێن
بەلام من ئەبێت بێمەوە
گەر خۆمم لێرە بیر نەچێت
چونکە ژیان لەبیر کردنی دێڕێکە
ئەکرێت هەندێک جار پیر بون بێت
ئەکرێت هەندێک جار مردن بێت
ئەکرێت هەندێک جار خوداش بێت
ئەکرێت هەندێک جار دوێنێ بێت
ئەکرێت زۆرجار بەیانی بێ وکەس ڕێنەباتەوە سەری

Baxek-la-yar@hotmail.com